کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
8-7-2007 2:04 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**پڕۆژەی ئیسلامی سیاسی، دژی پڕۆژەی نەتەوەییە ... بەهێز حسێن**



بە درۆیەکی گەورە و شاخداری دەزانم هەرکاتێك گروپ و حیزبە ئیسیلامییەکانی کوردستان بانگەشەی ئەوەدەکەن کە ئەوان کار بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردستان دەکەن یان پشتیوانی ئەو هەنگاوانەن کە ڕێگەی بەرەو ئەو ئامانجە نەتەوەییە دەبرن، چونکە ڕۆژێك لە ڕۆژانی تەواوی مێژووی بزووتنەوەی سەربەخۆخوازی نەتەوەی کوردا ئیسلام وەك پشتیوان و کارەکتەری پڕۆژەی نەتەوەیی کورد ئامادە نەبووە و جگە لە پڕۆژەی ئیسلامگەرێتی شتێکی دی لە پڕۆژە و ستراتیژیاندا بەدیناکرێت.

ئیسلام کەمن وای دەبینم پڕۆژەیەکی ناسیۆنالیستی عەرەبییە، لەهیچ بۆنە و ڕۆژێکدا باوەڕی بە سەربەخۆیی گەلان نەبووە و خەونی گەورەی ئیسلامی سیاسیش (لە نێو هەرنەتەوەیەکدا کاری سیاسی بکەن) دامەزراندنی دەوڵەت و ئەمارەتی ئیسلامی بووە نەك دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی، ئیلامیش بۆخۆی جگە لە نەتەوەی عەرەب، هیچ نەتەوەیەکی تری بە نەتەوە نەزانیوە و بە تەیکردنی تەواوی قورئانیش کە تاکە گرنتی یەکێتی زمان و شوناسی نەتەوەیی عەرەبە، بۆ تەنها جارێکیش جگە لە عەرەب هیچ نەتەوەیەکی تری ناونەهێناوە و ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە عەرەب لە قورئانیشدا وەك پڕۆژەیەکی شۆڤێنستی کەس نە دیوی تر خۆی بە نەتەوە زانیوە و هەرگیزیش پرسی نەتەوەکانی تری سەر ڕووی زەوی لە مەسەلەی سەربەخۆبوونیاندا بە هەند وەرنەگرتووە و نەتەوەکانی تریان بەو جۆرە پۆلێن کردووە کە کامیان باوەڕدارن و کامیشیان بی باوەڕ.

بە تەواوی مێژووی ئیسلامیشدا بگەڕێیت شەرێك شك نابەیت کە ئیسلام لە پێناو سەربەخۆبوونی نەتەوەیەکی تری غەیرە عەرەب کردبێت و جگە لە (دەسەڵاتی ئیلام و دەوڵەتی خەلافەت و ئەمارەتی ئیسلامی) جەنگەکانیان دروشمێکی دی نەبووە.

کەواتە ئەوانەی ئەمڕۆ لە مینبەری حیزبە ئیسلامی و سەلەفییەکانی کوردستانەوە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوان وەك حیزب و گروپی ئیسلامی خەبات بۆ هێنانەدی پڕۆژەی ستراتیژی نەتەوەیی کورد دەکەن و دەیانەوێت بە (الله اکبر) ەوە کوردستانی گەورە ئازاد بکەن، درۆدەکەن! بەم بانگەشانەیان دەیانەوێت نەنگی ئەوەیان داپۆشن کە ئەوان لە سایەی ئازادی کوردستان و قوربانی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردا بە ئیسلامبوونیان خزمەت بە پڕۆژەی ناسیۆنالیستی عەرەب دەکەن و زەرەیەك ئینمایان بۆ نەتەوەی کورد نییە.

ئەوە ئەوانبوون بە درێژایی شەڕی پێشمەرگایەتی و شاخ و شارەکاندا (لە سەردەمی دەسەڵاتی داگیرکاری بەعس) سوچی مزگەوتەکانیان بەرنەئەدا و نەماندی ئەو قسفس پاڵەوانانەیان کە ئەمڕۆ سینگ دەرئەپەڕێنن و لە پشتەوە خەنجەری ژەهراوی لە پشتی پڕۆژەی نەتەوەیی کورد دەدەن، ئامادەبن ڕۆژێك بدەنەشاخ و پێشمەرگایەتی بکەن و بە ئیسلامبوونیان خزمەت بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد بکەن! ئەوان لەکاتانەدا چاوەڕوانی سەرکردایەتی ئیخوانەکانی میسریان دەکرد بزانن چ ۆن ڕێنماییان دەکەن و چۆن (خواپەرستییان بەهێز دەکەن) !

لەشەڕی نێوخۆی کوردستانیشدا کە خۆی لە خۆیدا لەمپەڕێکی گەورەی بەردەم ڕێگەبڕین بەرەو گەیشتن بە پڕۆژەی ستراتیژی نەتەوەیی بوو، دژی نەتەوەکەمانی پی بێهێز دەبوو، ئەم ئیسلامیانە تاویان دایە خۆیان و لە بری ئەوەی بە ئیسلامبوونیان بەر بەوشەڕ و خوێنڕشتن وماڵوێرانییەی کورد بگرن، کەوتنە ئەندام کۆکردنەوە و وەك ئەوەی لایەنی پەروەردەیی ئەم وڵاتە خەمی ئەوان نەبی و گرنگی دان بە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
8-7-2007 2:04 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا
لایەنی تەندروستی خەڵك ئەوەندەی دوو ڕکاعەت نوێژ خێری نەبێت، لە بری قوتابخانە و مەڵبەندی تەندروستی گوند و شارەکانیان پڕکرد لە مزگەوت و بە تابلۆکانی بەر مزگەوتەکانیشدا ناوی ئەو عەرەبانەیان هەڵدەواسی کە لەسەردەمی دەسڵاتی پێشینەئیلامییەکانیاندا وەك داگیرکار هاتبوونە ئەم وڵاتەوە و لە شەڕی ژێردەستەکردنی کورددا کوژرابوون! بەڵێ هەموو ئەو مزگەوتانەش کە تائێستاش ماون بەناوی ئەوچانەوە ناونران و وەك بەشدارێك لە پرۆسەی بەعەرەبکردنی ئەم نەتەوەیەشدا کوردەکانیان دەدا ناوی خەبەشەیی و یەمەنی و حیجازی لە نەوەکانیان بنێن و لەمەش زیاتر بۆ سڕینەوەی کەلتوور و فەرهەنگی ئێمە پۆشاکەکانیشیان گۆڕی و.. هەتادوایی، کەچی نازانم چۆن ئێستا ئاوا بە دەنگی بەرز هاوار دەکەن کە ئەوانیش بەشێکن لە بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی و خۆیان بە کوردی عەیار 24 دەزانن و ئەڵێن (بە ئیسلام خزمەتی کوردستان دەکەین) !؟.

ئێمەی سەربەخۆخوازانی کوردستان گەر بەوردی سەرنج بدەین دەبینین کە بە درێژایی مێژوو هەموو ئەو نەتەوانەی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دامەزراندووە بە شەڕیان لەگەڵ ئاین دەستی پێکردووە کە هەر ئەمەشە بە عەلمانییەت ناسراوە و سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ خەفتاکانی سەدەی هەژدەهەم، بۆ ئەوەی شوناسی دەوڵەتی ئایندەی کوردستان شوناسێکی نەتەوەیی بێت دەبێت لە ئێستاوە شەڕ لەگەڵ ئەو لایەنانە بکرێت کە شەڕ لەپێناو ئەودا دەکەن شوناسی ئاینی بەسەر دەوڵەتی داهاتووی کوردستاندا بسەپێنن.

نزیکترین نموونەمان بۆ ئەوەی ئەم ئیسلامییانەی کوردستان ڕێگە نادەن شوناسی نەتەوەی بۆ دەستوور و یاسا و لە داهاتووشدا بۆ دەوڵەتمان هەبێت، شەڕکردنی سەرسەختانەیانە لە پێناو ڕێگە نەدان بە لابردنی بەندی خەوتەمی ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان، کە بەداخەوە تائێستا نەتەوەیی و عەلمانییەکانی کوردستانیش لە پاشەکشەدان بەرامبەر بەم داوایە و لە بیریان کردووە کە لابردنی ئەو بەندە ڕێگە خۆشکەرێکی ترە لە پێناو سەرگرتنی پرۆژەی ستراتیژی نەتەوەیی کورددا.

بەڕای من بوونی پرۆژەی ئیسلامی سیاسی لەم وڵاتەی ئێمەدا جگە لە زیانە ڕۆژانەییەکانی بە کەلتوور و فەرهەنگ و مەسەلە ژیانییەکانی تری کۆمەڵگە، مەترسییەکی گەورەشە بۆسەر گەرەنتی مانەوە و بەرەوپێشەوە چوونی پشتیوانێتی لە پرسە نەتەوایەتییەکانمان، چونکە لە کاتێکدا ئێمە لەم لەخزەسیاسییە مێژووییەی جیهاندا دەمانەوێت زەقتر و ئاشکراتر بانگی نەتەوەیی بدەین و بڵێین ئێمە تاکە گەورە نەتەوەی دونیاین بی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمانین، ئیسلامییەکان دێن و بە گوتارێکی ئیسلامییەوە سەرنجەکانی ئەوانی تر بەرامبەر بەنەتەوەی کورد پەرتەوازە دەکەن و هەر بە بوون و گوتارییان مەترسی ئەویان دەخەنە دڵ کە ئەفغانستانێکی سەر دەمی تاڵیبان و سۆماڵێکی وەك ئەوەی (دادگا شەرعییەکان) ی سۆماڵیان بۆ دادەمەزرێنن.

دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەحزابی ئیسلامی کوردستان ژمارەیەکە لە ماتماتیکی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیدا ژمارەیەکی ڕێژنەگۆڕی کەڕەت سفرە کە هەموو ئەنجامە کۆکراوەکانمان لێدەشێوێنێت و ناکرێت لە هیچ هەنگاوێکی ستراتیژی نەتەوایەتیماندا پشتیان پی ببەسترێت، ناشبی بەو درۆیانە باوەڕبکەین کە هەڵگران و خزمەتکارانی پرۆژەیەکی ناسیۆنالیستی عەرەبی کە ئیسلامە و مایەی ڕێزی نەتەوەی عەرەب و بەیەکەوە گرێدانیانە دەیکەن و پێمان دەڵێن ئێمەش لە پشت پرۆژەی نەتەوەیی کوردەوەین.

Bahez2006@hotmail. com
Bahez2005@yahoo. co. in

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.